تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە راگەیەنرا

جیهاد جەلال

لە ژێر دروشمی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە، ڕەخساندنی ژینگەیەکی لە بارو دروست بۆ ژیانێکی تەندروست، کۆمەڵێك لە ڕێکخراو و کۆمەڵەو گروپ و مامۆستای زانکۆو کەسایەتی ژینگەیی، تۆڕێکیان پێکهێنا بەمەبەستی هەوڵدان بۆ وشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و لایەنە بەرپرسەکان لە ئاست کێشە ژینگەییەکان.

ئەو تۆڕە ژینگەییە کە لەچەند ڕۆژی ڕابردووداو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوی خۆیان و ئامانجەکانیان و ڕاگەیاندنێکی تۆڕەکەیان بڵاوکردەوە، تێیدا بەشێك لە کێشە ژینگەییەکانیان خستۆتەڕوو.

لە ڕاگەیاندراوەکەی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگەدا هاتووە، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی هەسارەی زەوی و زیاد بەکارهێنانی پێداویستیەکان و بەرهەمهێنان وایکردووە پیسبوونی ژینگە ببێتە مەترسی لەسەر ژیانی زیندەوەران بەگشتی.

هەروەك باس لەوەدەکەن لە ئێستادا مەترسییەکانی ژینگە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بووەتە خەمی گەورەو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەش، مرۆڤ لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەدایە تا بتوانێت کێشەکە بگەیەنێتە ئاستی جاران.

تۆڕەکە پێیانوایە بەهۆی ئەوەی مرۆڤ لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا ناتوانن دەستبەردارى ئەو هۆکارانە بن کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، ئەوەش وایکردووە هەموو مرۆڤایەتی بەرەو مەرگێکی هێواش پەلبکێشێت.

لە ئێستادا چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی تایبەت بەپاراستنی ژینگە لە کوردستاندا هەن، بەڵام بەهۆی لاوازی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان و بەدەمەوە نەهاتنی حکومەت بۆ چارەسەری کێشە ژینگەیەکان نەتوانراوە وەك پێویست کار لەو بوارەدا بکرێت.

لەو ڕاگەیاندراوەی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگەدا چەند بەڵگەیەك خراوەتەڕوو وەك بەشێك لە کاریگەرییەکانی پیسبونی ژینگە لەوانەش تۆمارکردنی ڕێژەیەکی بەرز لە نەخۆشی شێرپەنجەو نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵ لە ئاستی پێویستداو بەرزبوونەوەی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەشێوازێکی بێ بەرنامە، لەگەڵ گرنگینەدان بەفراوانکردنی ڕووبەری سەوزایی لەناو شارەکانداو نەبوونی چاودێری ژینگەیی و چەندین کێشەی تری ژینگەیی.

لەبەرامبەر ئەو گرفتە ژینگەییانەشدا تۆڕەکە ئاماژە بەوە دەکەن لە پێناو ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی ئەو تۆڕیان پێکهێناوە کە پێکدێن لە چەندین ڕێکخراو و گروپ و کۆمەڵەو مامۆستای زانکۆو کەسایەتی ژینگەیی.

ئاماژە بەوەش دەکەن ئەوان بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کار دەکەن ڕاشیدەگەیەنن دەرگایان والایە بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت لەگەڵیاندا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی بەهەموو لایەکەوە ڕووبەڕووی مەترسیەکانی ژینگە ببنەوەو حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان هۆشیار بکەنەوە تا ڕێگە چارەی پێویست بدۆزنەوە. تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە چەندین ئامانجیان خستۆتەڕوو ئاماژە بەوە دەکەن لە بەرنامەیاندا کار بۆ بەدیهێنانی تەواوی ئامانجەکانیان بکەن.

لە ئامانجەکانی ئەو تۆڕە هاتووە، دەستگرتنە بە سامانە سروشتیەکانەوە بەو شێوەیەی کە پێداویستیەکانی نەوەی ئەمڕۆ مسۆگەر بکات بەبێ ئەوەی بەشخورانی نەوەکانی داهاتووی لێبکەوێتەوە، لەگەڵ پیادەکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندنی کارتێکردن لەسەر ژینگە لەکاتی هەر پرۆژەیەکدا بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاسەوارو کاریگەری خراپیان لەسەر ژینگە هەیە.

لە ئامانجەکانی تریاندا ئاماژە بەوە دەکەن پێویستە مسۆگەرکردنی هاوسەنگی لەنێوان پێشکەوتنی کۆمەڵگەو داخوازییەکانی و پاراستنی ژینگەو پێکهاتەکانیدا بکرێت، هەروەها زیادکردنی پانتایی سەوزایی لە ناوچە نیشتەجێکاندا لەگەڵ وشیارکردنەوەی تاك بە ئەرك و مافەکانیان بەرامبەر بە ژینگە.

لە بەشێکی تری ئامانجەکانی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگەدا باس لە چارەسەرکردن و ریسایکڵی پاشەڕۆکان دەکەن بەڕێگەیەکی زانستی، لەگەڵ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبای خاوێن وەك وزەی تیشکی ڕۆژ، یان با.

هەروەها باس لە کاراکردنی ناوەندە زانستیەکان دەکەن بۆ ئەنجامدانی تۆێژینەوەی زانستی پێویست لەسەر کێشە ژینگەییەکان و چارەسەریان، سەرباری دانانی پێوەری پێویست بۆ سنوری مادە پیسکەرەکان پشت بەست بە داتای وڵاتە پێشکەوتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

بەپێویستیشی دەزانن ڕێنمایی و یاساو ڕێساو بڕگە یاساییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کە پەیوەستە بە ژینگەوە کارا بکرێت ئەویش لەڕێگەی پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان کارکردن بۆ چەسپاندن و کارپێکردنی یاساو بڕیاری کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بەپەرەوشی ژینگەی کوردستان.

بە مەبەستی ئەنجامبوون لە تۆڕەکەدا چەند مەرجێك دانراوە لەوانەش هەموو گروپ و ڕێکخراو و کۆمەڵەو کەسایەتییەك مافی بە ئەندامبوونی هەیە لە دەستەی گشتی تۆڕەکەدا، هەروەك دەبێت ئەو کەسە بڕوای بەکاری خۆبەخشی و پێڕەوی تۆڕەکە هەبێت، هەروەها پێویستە ئەو کەسە داواکارییەکی نوسراو پێشکەش بە دەستەی بەڕێوەبردن بکات و دەنگی زۆرینەی ئەندامانی دەستەکە بەدەست بهێنێت.

نامۆ شەریف جێگری ڕێکخەری گشتی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە بە هاوڵاتی وت "ئێمە جەخت لەسەر هۆشیارکردنەوەی کارمەندە حکومەییەکان دەکەینەوە بە تایبەت لەکاتێکدا کە ئەوان نوقمی کێشەو ململانێ سیاسیەکان بونەتەوەو بابەتی ژینگە لایان بەتەواوی پشتگوێ خراوە".

باسی لەوەشکرد بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیدان لەگەڵ حکومەت وە دروستکردنی جموجوڵێك بۆ بەرپرسە حکومیەکان لەسەر ژینگە چی لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەیان یاخود لەڕێی دروستکردنی فشاری مەدەنیانەوە بۆ ئەوەی لەمە زیاتر ژینگە پشتگوێ نەخرێت.

کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی تۆڕی هاوڕێیانی ژینگە

فۆتۆ: EFN

کەمپینی ئاوی شیاو بۆ مەلەکردن

مافی خۆت بپارێزە بۆ توانای مەلەکردن لە ئاوی خاوێن و پارێزراودا

ڕێکخراوی سروشتی عێراق- پارێزەری ئاو چالاکیەك ئەنجامدەدات سەبارەت بە پاراستنی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ ئەوەی شیاوی خواردنەوە ومەلەکردن و ڕاوەماسی بن.

ئەم کەمپینە لە دەریاچەی بتوێنەوە دەست پێ دەکا تا دەریاچەی دوکان،ئەویش بە مەلەکردنی هەریەك لە نەبیل موسا و بێس نیوتن بە درێژایی ٨ میل لەنێوان ئەم دوو دەریاچەیەدا کە ماوەی چەند کاتژمێرێك دەخایەنێت.

لە لێدوانێکدا لەگەڵ نەبیل موسا- پارێزەری ئاو بە هاوڵاتی وت"هەفتەی ڕابردوو ڕۆژی ٢٦ ی تەممووز ڕۆژی مەلەکردن بوو لە ئاوی پاکدا لە هەموو جیهان، هەر بەو بۆنەیەوە هەموو پارێزەرانی ئاوی دنیا ڕۆیشتین و لە ئاوە پاکەکانی شارەکاندا خۆمان خستە ناو ئاوەکانەوە و وێنەی جۆراوجۆرمان گرت و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاومان کردنەوە و کارێکی زۆر جوان بوو".

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە چالاکییەکە وتی"من و بێس ماوەی ٣ مانگ دەبێت خەریکی خۆ ئامادەکردنین بۆ ئەم مەلەکردنە دوورودرێژە، مەبەستەکەشمان تەنها ئەوەیە سەرنجی خەڵك ڕابکێشین کە ئەم ئاوانە وردە وردە بەرەو ئەوە دەڕۆن کە کەڵکی مەلەکردنیان نەمێنێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبینرێ ڕێژەی ماسی لە سەرچاوە ئاوییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە بەهۆی پیسبوونی ئاوەکانەوە و چیتر شیاوی خواردنەوەش نین".

لە کۆتاییدا نەبیلی پارێزەری ئاو باسی لەوەکرد کە هەریەکێك لە ئێمە کۆمەڵێ یادەوەری جوانی هەیە لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکاندا و دەبێ هەموو هەوڵێك بدەین بۆ پاراستنی ئاو و لەهەمان کاتدا یادەوەرییەکانیشمان، "هیوادارم لە داهاتوودا خەڵکانێکی زۆر بەشداربن لەم جۆرە کەمپینانەدا تا ئەو کاتەی بتوانین بە تەواوی سەرچاوە ئاوییەکان بکەینە ژینگەیەکی گونجاو بۆ مەلەکردن."

www.brandsshow.biz

TOMMY HILFIGER
ANGELO LITRICO
JACK & JONES
DeFacto
C&A
RICA LEWIS JEANS
H&M
GAP
Men & Women
Brands Show
CHAPS RALPH LAUREN
BASIC EDITIONS
Wrangler
ZARA
GEORGE
Lee
The Quality Is Reality ...
The Surprise Is The Price

لەبرانس شۆ ئامادەین بۆ دابین کردنی وێنشکەش کردنی جوانترین مۆدێلاتی سەردەم ، لەبەرئەوەی شایەنتانە ئێمە هەڵدەستین بە هەڵبژاردنی بە ناوبانگترین مارکە جیهانییەکان لە ڕووی کوالیتەو ، لەبرانس شۆ بۆ یەکەمین جار لەشارە خۆشەویستەکەمان ، ئێستا دەتوانن بێن بۆ یەک شوێن و ئێمەش لە وێوە ئەتانبەین بۆ جیهانی جل وبەرلگ بە باشترین جۆر و نوێترین شێواز ، نهێنیەکان لێرەدا تەواو نابێت ، بەڵام ئایا دەتوانیت نایابی نرخ وتۆکمەی کالاکانمان لەشوێنێکی تر بدۆزیتەوە ؟
ئێمە دووبارەی دەکەینەوە بۆتان کەبرانس شۆ تاکە شوێنە بۆ هە لبژاردنی نرخ وکوالیتی.
ئامانجمان کورتکردۆتەوە لە یەک دروشمی ساکاردا :-
کوالیتەیەکی بەرز ... ونرخێکی گونجاو
بیاوان و ئافرەتان
Rand Gallery
Matbakh Restaurant
Sara Restaurant
Khasraw Khal Bridge
Salim St.
Salim St.
Brands Show
E-mail: info@brandsshow.biz
Nearby Khisro Khal Bridge -
Handreen Dist - Salim St.
Sulamaniyah - Iraq
گەڕەکی هەندرێن - شەقامی سالم - تەنیشت پردی خەسرە و خاڵ - سلێمانی - عێراق